مشتومەی لەسەر "پێشمەرگە".. عوسمانی حاجی مارف

ترسی بارزانی لە گوشارەکانی بەغدا بۆ سەر سنوردارکردنی چەکداری لەوەوێ کە بە یەکێک لە ئاڵۆزترین پرسەکان و کارەکانی عەلی زەیدی دەبینێت بۆ سەر ئایندەی حکومەتی هەرێم، چونکە وەک هێشتا بۆ سەر ئاسایشی هەرێم و ئایندەی پێشمەرگە دەیخوێنێتەوە. جگە لەوەی وەها خەیان دەبینێوە کە لە هاوکێشەیەکی ئاڵۆزدا گیریان کردووە، گوایە زەیدی داخوازیەکانی کوتلە شیعەکان و حساباتی هەزە سیاسیەکان و ناکۆکیە ناوخۆییەکانی لایەنە کوردەکانی تێکەڵ کردووە، مەترسی ئەوەیان هەیە لە ئایندەیەکی خوازراودا، هاوکات یان بەدوای سنوردارکردنی هەڵمەتەکانی حەشدی شەعبی، زەیدی حساباتیك بۆ مامەڵەگەڵ چەکدارەکانی بارزانی و تاڵەبانیشدا بکات.

هەزی پێشمەرگە بۆتە خاڵی مشتومڕی سەرەکی لە هەوڵەکانی دەوڵەتی عێراق بۆ سنوردارکردنی چەک، ئەمڕۆش بەدوای ئەوەدا دێت کە هەڵمەتەکانی حەشدی شەعبی مەرجیان بۆ ڕادەستکردنی چەکەکانیان دیاریکرد بەرامبەر بە هەر جۆرە بڕیارێک لەگەڵ حکومەتدا بۆ دامەزێنی چەك. یەکێك لە مەرجەکان ئەوەیە کە دەبێ هەڵمەتەکانی پێشمەرگەش بشکێت لە هەمان پرۆسەی دامەزێنی چەکداری. ئەمڕۆش هاوکات بوو لەگەڵ فشارە سیاسییەکانی "چوارچێوەی هەماهەنگی" کە داوایان دەکرد هەموو پێکهاتە چەکدارەکان بخرێنە ژێر دەسەڵاتی فەرماندەی گشتی هەزە چەکدارەکانەوە و چەك تەنها لای دەوڵەت بێت.

ئەم داواکاریانە تاقیکردنەوەیەکی هەستیار دەخێنە بەردەم حکومەتی هەرێم، بۆ لێبڕچاوگرتنی نەبوونی بڕگەیەکی ڕوون لە دەستووری عێراقدا کە پڕگە و دەسەڵاتەکانی پێشمەرگە پێناسە بکات و ڕێکخات، هەروەها بەردەوامی دابەشبوونی ئیداری و دارایی و سەربازی لە نێوان بارزانی و تاڵەبانیدا، سەرەڕای ڕاگەیاندنی فەرمی یەکخستنی هەزەکانیان لەلایەن وەزارەتی پێشمەرگەوە، بەڵام لەباری عەمەلیەوە جگە لە نمایشێک هیچ هەنگاوێکی یەکخستنەوەیان نیشان نەداوە و بەشیان ناکرێت.

هەبەتە پلانی بەرتەسکردنەوەی چەک و ڕادەستکردنی بە دەوڵەت، وەک سیاسەتی ئەمریکا لە بەرامبەر حکومەتی عێراقدا، بە پلەی یەکەم لایەنەکانی حەشدی شەعبی سەر بە ئێران دەکاتە ئامانج، کە لەژێر چەتری ئەوەی بە "بەرخودانی ئیسلامی لە عێراق" ناسراون و چالاکی دەکەن، بریتین لە کەتایبی حزبوللا، کەتایبی نوجەبا، کەتایبی سەید

شوهدا و (ئەنسار الله الاوفیە).
زیدی لە مانگی ئایاری ٢٠٢٦دا، نیازی حکومەتکی بە داماینی چک لە سەرجەم کوتلە چکدارکان و نەهشتنی هەر چکک لە دەرەوی کونترۆلی دەوڵەت ڕاگەیاند، هاوکات هەموو پکهاتە سەربازی و ئەمنیکانی عەراقی خستە ژێر دەسەاتی فەرماندەی گشتی هێزە چکدارکانەوە. سەرتا کتایی مانگی ئێلولی ٢٠٢٦ی وەک دوا وادەی چکداماینی کوتلە چکدارکانی عەراقی دەستنیشان کرد، بەام لە نەو ئەو مشتومڕی دەوروبەری ئەو پرسە، بەیاریدا ئەو وادەیە بە مانگی حوزەیرانی ٢٠٢٧ دوابخرێت.
بەهای ئەوەی هێزکانی سەر بە حەشدی شەعبی، یەکك لە مەرجکانی ادەستکردنی چکەکانیان، هاوکات چکداماینی هێزی پشمەرگەیە، بەیە گفتوگکەی لە پرسی کوتلە چکدارکانەوە گواستەوە بە سروشتی هێزکانی سەر بە هەڕەمی کوردستان و پگەی یاسایی و سەربازیان. داواکاری چکداماینی هێزی پشمەرگە وەک مەرجک تەنها پێویست نیە بە بارودخی کوتلە چکدارکاندانەوە، بەکو هێزە سیاسیکانی ناو چوارچوەی هەماهەنگی، وەک هەوڵک بە گوشار خستنەسەر حکومەتی زیدی بکاری دەهێنن، بەئەوەی پلانکانی چکداماین سنوردارکەن، تا ئایندەی ململانێی ئەمریکاو ئێران بە شوێنک دیگات. ئەو هێزانەی چوارچێوەی هەماهەنگی هەوڵستیان لە پێوەند بە چکداماێنەوە لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراندووە کە دەبە قەرخکاری دەوڵەت بەسەر چکدا هەموو گروپە چکدارکان بگرێتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی کە هەندک لایەن هەوڵدەدەن، ئەم دەرفەتە بقۆزنەوە بە لاوازکردنی حکومەتی هەرەم، بەتایبەتی بە لەبەرچاوگرتنی ئەو دابەشبونە سیاسیە توندەی نێوان بارزانی و تاەبانی.
هێزی پشمەرگەی یەکێتی و پارتی، شرعیەتی خۆی لەسەر بنەمای یاسای ژمارە ١٩ی ساڵی ٢٠٠٧ داناوە، تایبەت بە وەزارەتی پشمەرگە، کە لە پەرلەمانی هەرەمەوە پەسەند کراوە، ئەم یاسایە پشمەرگە وەک دەسەاتکی شرعی و فەرمی پناسە دکات، ئەرکی "پاراستن و بەرگریکردن" لە هەرەمی پسپەردراوە!، هەروەها هاوکاری حکومەتی فیدرای بکات لە بەغدا لە پاراستنی ئاسایش و سەروەری عەراق! بەام هێزە سیاسیە شیعەکان لە بەغدا، بەشوەیکی جیاوازتر لە هێزی "پشمەرگە" دەوانن و زیاتر وەک پکهاتەی حزبی دەزانن، تا ئەوەی هێزکی سەربازی یەکگرتوو لەژێر دامەزراوەیکی فەرمیدا بێت. بەکردەوە و لە واقعیشدا هەردوو بارزانی و تاەبانی بەو هێزە پارەزگاری لە پگەو دەسەاتی خۆیان دکەن، ڕاستخە هەر خۆیان بەهێزەوەی دەبەن و سەرپەرشتی دکەن. لەم ڕوانگەیەوە بەشەک لە هێزکانی چوارچێوەی هەماهەنگی، داواکارن کە پشمەرگە بخرێتە ژێر

پێسپاردنی چەک، لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدا، هاوشێوەی گروپەکانی حەشدی شەعبی، بەم شێوەیە گورزێک لە پێگەی بارزانی و تاڵەبانی ئەدەن.
گومانی تیا نیە کە بارزانی و تاڵەبانی، نیگەرانن لە مشتومڕو بانگەوازی چەکدامالینی هێزەکانیان. هێزەها بە نەبوونی بڕیارێکی دادگای باڵا و نیگەرانیانەی زیاتر کردووە، چونکە دەستووری عێراق بڕگەیەکی دیاریکراوی سەبارەت بە بوونی هێزی پێشمەرگە و سروشتی کارکردنیان، یان دەسەاتەکانیان لەخۆناگرێت، بەمەش پێگەی یاسایی ئەوان لەنێوان ململانێی سیاسی نێوان بەغدا و هەولێر دەهێڵێتەوە.
هەبەتە ڕەگ و ڕیشەی داببشبونی هێزەکانی پارتی و یەکێتی مێژوویەکی کۆنی هەیە، لە هەمانکاتدا هەر لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی پێشوو، شێوەی ناوخۆیان هەبگیرسان و هەرەمی کوردستانیان بشکرد بە دوو ناوچەی دەسەات، هەریەکەیان دەسەاتێکی حزبی و بنەماڵەیی بە هێزی چەکداری خۆی بەهێزەوە دەبات. هەر ڕێکەوتنێکیان لەهەر دوورێکەدا کردبێ، بەگشتی دوو هێزی پێشمەرگە بە دەستلێنەدراوی ماونەتەوە. لەباری عەمەلیەوە، پەداگریان لەسەر پاراستنی هێزەکانیان کردوە، لە ترسی ئەوەی دەستبەرداربونیان لە هێزەکەیان، ئەگەری ئەوە دەهێنێتە پێشەوە کە بارزانی یان تاڵەبانی، بەتەنیا کۆنتڕۆڵی هەرەم بکات و بە زەبر پێگەو نفوزی خۆی بسەپێنێت بەسەر لایەنەکەی دیکەدا!
لەگەڵ هەر ململانێ و ڕێکەوتنێکی نێوان بارزانی و تاڵەبانیدا، یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە ڕاگەیاندنێکی فەرماییە، چونکە ئەستا ئایندەی هێزی پێشمەرگە تاڕادەیەکی زۆر پەیوەستە بە هەڵوەست و بڕیارەکانی عەلی زەیدی و حکومەتی عێراقەوە، ئەمەش لەلایەک بە لەبەرچاوگرتنی ئەو فشارانەی کە لەلایەن هێزەکانی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی و هێزەکانی حەشدی شەعبیەوە دروست دەکرێن، لەلایەکی ترەوە مامەڵەی ئەمریکا لەبەرامبەر پێکهاتەی حکومەتی هەرەم و پەیوەندیانە بە حکومەتی عێراقەوە.
لەم دۆخەی ئێستادا کە ناوچەکە لە ئایندەیەکی نادیاردا ڕاگیراوە، هێزی پێشمەرگە نەک هەر پەیوەستە بە بڕیارێکی حکومەتەوە لەسەر چەکدامالین یان داشتنەوەی، بەڵکو لەگەڵ قەیرانێکی دەستووریشدا گرێدراوە، کە ساڵانێکە بە چارەسەرنەکراوی ماونەتەوە، لەهەمانکاتدا ئایندەی حکومەتی هەرەم و دەسەاتی بارزانی و تاڵەبانی، لە دۆخێکی ئاڵۆز و نادیاردا ململانێ دەکات، لە چاوەڕوانی یەکلاییبونەوەی ئەو دۆخەدا وەستاون و خۆشیان نازانن چارەنوسیان بە چی دەگات و چیان بەسەر دێت. لە حاڵەتێکی بنبەستدا چاوەڕوانی گەرانیەکان دەکەن

و ناتوانن بەدەوری خەیان ئایندەیەکی ڕەشن دیاری بکەن، چونکە زەحمەتە بە ئایندەی بارزانی و تاڵەبانی بە بە بونی هەزی چەکداری تایبەت بەخەیان بتوانن دەستاتکەیان بپارێزن!.

عوسمانی حاجی مارف